# گوڵاو لەخوێناودا : کتێبێک یەکپارچە لەداهێنان

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com







دیاردەی گەندەڵیی لە کوردستاندا بووەتە جێی باسی سادەترین تاکی کورد، تا بە هەموو ئیلێتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردیی دەگات. گەندەڵییەکان، زۆرترین تەوژمیان لە ئاستی دارایی، ئیداریی، سیاسییدایە. بەڵام هەرگیز بڕوام ناکرد ئەم گەندەڵییە بگاتە ئەو ئاستەی کە کولتوور و رۆشنبیریی کوردیی بەوشێوەیە پێوەی بتلێتەوە، کە ئەوەندە بێئاگا بێت لە ئاست ئەدەب و نووسینی رۆژئاوادا. بەتایبەت ئەو باس و دێبەیتە سیاسییانەی لەسەر عێراق و کوردستان جێ پەنجەیان دیارە.

گەلێک، نەخۆی و نە سەرکردایەتییە سیاسییەکەی عەقڵی بەوە بشکێ، زمانی نووسینی ستاندار و یەکگرتوو، پایەیەکی سەرەکیی چەسپاندنی کرایتێریای ( Criteria ) بوون و بەردەوامیی بێت لە کێڵگەی نووسین و مامەڵە سیاسیی و کولتوورییەکەیدا لەچوارچێوەی جیۆگرافیایەکی دیارییکراودا، دەبێ چاوەڕوانیی چیی لێبکرێ؟ لەکاتێکدا، زمانی ستانداردی کوردیی، کرێدتێکی گەورەیە لە هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، ئەمەش کەمێک بەرچاوڕۆشنیی و کەمێک ئازایەتیی دەوێ لە نێوەندی دەسەڵاتی سیاسیی کورددا، بۆ ئەوەی کرمانجی خواروو( سۆرانیی) بکرێ بە هەوێن و کەرەسەو گیان و پەیکەری سەرەکیی زمانی ستانداردی کوردیی.

کەچیی بەبیانووی ئەوەی خەڵکی بادینان و هەورامان و هەندێ شوێنی تر ، خەریکی شەڕەگەڕەکی زمانن و داوای بەکارهێنانی زاراوە لۆکاڵییەکانی خۆیان دەکەن، ئەم پرسە کولتووریی و زمانەوانیی و رۆشنبیرییە، سەرەنجامیش ئەم پرسە سیاسییە بە پشتدا دەخرێ و بە ئاسۆیەکی نادیار دەسپێردرێ. دەسەڵاتی سیاسییەک چاوەڕێی ئەمەی لێنەکرێ و هێشتا بەدەست لۆکاڵیزمی عەشیرەت و ناوچەگەرییەتیی چەند شارو شارۆچکەیەکەوە ملی لەموو باریکتر بێت و خۆی لە بەرەی راسیزم بەرامبەر سۆرانیی و بیانوو هێنانەوە لەچەشنی هەڵاواردنی زاراوە لۆکاڵییەکان و بایەخدان بە زمانی بەدرخانییەکان و لەبەرچاوگرتنیان ببینێتەوە... دەبێ چاوەڕوانی پرسی گەورەتری چۆن لێبکرێ؟ ئەرێ بەڕاست هیچ دەسەڵاتێک لەسەر رووی ئەم زەمینە پەتای گەندەڵیی و مشەخۆریی و خۆخۆریی و هیچ لەبارانەبوویی ئەوەندەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد لێیداوە. ئەرێ بەس نییە پاش حەڤدە ساڵ، هێشتا نەوێرین بڵێین زمانی ستانداردی کوردیی چییەو چۆنە؟ هێشتا نەوێرین بڵێین، بەڵێ سۆرانیی زمانی ستانداردی کوردستانی باشوورە.

بۆ دوور نەکەوتنەوە لە باسە سەرەکییەکە، ئەگەر بڵێین رۆشنبیریی کوردیی و زمانی کوردیی لە گوێی گادا خەوتووە، بێویژدانییمان نەکردووە. لەکاتێکدا عێراق لەسەر کوانوویەک ئاگر چوار ساڵە قوڵپ دەدات، کەچیی یەکێک لەباشترین و بەهێزترین ئەو کتێبانەی لەسەر هەلومەرجی جیۆپۆلیتیک و سوسیۆپۆلیتکی عێراق و کوردستان و ناوچەکە نووسراوە، تلّپی تەڕیشی لە کتێبخانەی کوردییدا نییە.

"پاشەڕۆژی عێراق: دیکتاتۆریی،دیمۆکراسیی، یان دابەشکردن" لە نووسینی دوو نووسەری ناوداری بریتانیی لیام ئەندسن و گارێس ستانسفیلدە، هەر کتێبێکی٢٥٣ لاپەڕەیی نییەو بەزۆر بڵێیی رەشکرابێتەوە، کتێبێکە لە مێژووی کۆن و نوێی عێراقدا، نووسینی وا نایاب و دانسقە نەنووسراوە. هیچ سیاسییەک ، رۆشنبیرێک، تەنانەت بیرمەندێکیش نییە، ئەو کتێبە بخوێنێتەوەو هەزارو یەک پرسیار و گومان و ئەندێشەی نوێی لەسەر عێراقی عەرەبیی، گەڵەگایی سوننەی عێراق، داهاتووی لێڵی ئەو وڵاتە، فرتوفێڵی دەوڵەتانی کۆڵۆنیالیستی بریتانیی و ئەمێریکای داگیرکاری ئێستا بۆ دروست نەبێ. لەساڵی ٢٠٠٤ بەدواوە، هەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی، سۆسیۆلۆژیی،ئەنسرۆپۆلۆجیی،کولتووریی، ئایینیی،...تاد لەسەر عێراق بکرێ، ئەگەر ئەم کتێبە نەکرێ بە سەرچاوەیەک لەسەرچاوەکان، ئەو باس و توێژینەوەیە، کەموکورتیی و بەدتێگەیشتنی لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگەو کولتووری عێراق پێوە دیار دەبێت.

ئەوە لەداهێنانە سیاسیی و ڤیژنە( Vision ) سیاسییە نوێکانی ئەم کتێبەبگەڕێ، بۆ هەر ئەگەر و گریمانەیەکی سیاسیی و جیۆگرافیی و جیۆپۆلیتیکی ناوچەکەو جیهان، ئۆڵتێرنەتیڤێکی ورد و تۆکمەو دارێژراوی بەدەستەوە داوە. بەڕاستیی هیچ داهێنانێک ئەوەندەی داهێنانی سیاسیی و پێشهاتی سیاسیی قورس و سەخت نییە. لە داهێنانی سیاسییدا، سەدان هاوکێشەو فاکتەری لۆکاڵیی و ناوچەیی و جیهانیی، وەک لەمپەر لەبەردەمدا راست دەبێتەوە، کەچیی هەردوو نووسەر زۆر بلیمەتانەو وردبینانە بە پێی تێزی سیاسیی هاوچەرخ و قاڵبوونەوەو پسپۆڕبوونیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم گریمانانەیان یەک بەدوای یەکدا، بە لێکۆڵینەوی وردی سیاسیی و ئەکادیمیی وردوخاشکردووە.

ئەم کتێبە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣دا نووسراوەو لە ساڵی ٢٠٠٤ دا چاپی یەکەمی لێکەوتووەتە بازاڕەوە. لەساڵی ٢٠٠٥ دا بۆ زمانی عەرەبیی وەرگێڕدراوە. لەکاتێکدا زۆربەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، پێچەوانەی ویستی سیاسیی و خواستی ناسیۆنالیستی عەرەبیی و پانعەرەبیزم و دەسەڵاتی رەهای سوننە مەزهەبە، کەچیی بەمشێوەیەش کردوویانە بەعەرەبیی، کە دیارە لەبەر گرنگیی و هەستیاریی وردەکارییەکانی ناو کتێبەکەیە. هەرچەندە وەرگێڕە عەرەبەکان، نەیانتوانیوە هەستی نەتەوەپەرستانەی خۆیان لەئەمانەتێکی ئەکادیمییشدا بشارنەوە ، کەنداوی فارس ( Persian Gulf ) یان بە کەنداوی عەرەبیی وەرگێڕاوە. ئەی هۆی چییە کورد لەم کتێبە بێ ئاگایە؟ مەبەست ئەوە نییە کە چەند سەد کەسێک بە ئینگلیزیی، یان بەعەرەبییی، خوێندبێتیانەوە، بەڵکوو مەبەست لەوەیە، خەڵکی کورد بەشێوەیەکی گشتیی دەستی بەم کتێبە نەگەیشتووە. ئایا لە کەمتەرخەمیی و تەوەزەلییماندایە، یان لە ئەنجامی نەبوونی هەست و بیری سیاسیی رۆشن و بەرچاوتاریکییمانەوەیە؟.

پێموایە هەمووومان بەرپرسیارین لەم بێسەرەوبەرەییە، ئاخر لەگاڵتەوگەپ دەرچێ، هەموو تاکێکی کورد پێویستە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، چونکە چارەنووسی سیاسیی گەلێک دیاریی دەکات، پرۆجێکتەی ( Projector ) ی هەموو دراما کۆمیدیی و تراژیدیاکانی عێراق دەکات، هەموو ئەگەرەکان تا ئەوسەری تاریکیی دەڕەتێنێ، ئەگەری گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆرییەتی عەرەبیی سوننە و دەستەبەربوونی دیمۆکراسیی لە وڵاتێکدا کە کولتووری سیاسیی لەسەر بنەمای داروینیزم بێت، بەهێز بێهێز بخوات و دواهەمین ئۆڵتێرنەتیڤیش شەقوپەقبوونی عێراقی عەرەبییە بۆ سێ پارچە کە دەیدات بەدەستەوە... بەدڵنیاییشەوە کورد براوەی یەکەم دەبێت. گرنگترین داهێنانی ئەم کتێبە لەوەدایە، دەڵێی ئەمساڵ نووسراوە و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراقی تا رادەیەکی زۆرباش پێکاوە. سەرئەنجام هەروەک رۆبێرت سپرینگبۆرگ ( Robert Springborg ) لەزانکۆی لەندەن دەڵێت( بوش و بلێر و هەر کەسێک کە پاشەڕۆژی عێراقی مەبەستە پێویستە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە)، بەڵام ئایا زۆربەی سیاسییە بێسەوادەکانی کورد، پێویست نییە لەپێش هەموو کەسێکەوە ئەم کتێبەیان خوێندبێتەوە!

هەردوو نووسەر باکگراوندێکی لێکۆڵینەوەی سیاسیی و ئەکادیمیی پرشنگداریان هەیە، بەتایبەت ستانسفێڵد، کەسێکە تواوەتەوە بەواتای وشەکە لە کێشەی سیاسیی کورددا. سەرچاوەکانی ئەم کتێبە، هەموویان سەرچاوەی دروست ( veritable) و باوەڕپێکراون و مرۆڤ کەدەستی پێدەکات، وەک رۆمانێکی سەرنجراکێش ، حەز دەکات زووتر بە کۆتاییەکەی بگات. ئەم کتێبە هەرچەندە بە کرۆنۆلۆجیای رووداوەکانی دروستبوون و لەدایکبوونی دەوڵەتی عێراقدا چووەتەوە، بەڵام کەمتر خۆی لە لێکدانەوە مێژووییەکان داوە، هەوڵدراوە زۆرتر پرسە تیۆریی و کولتووریی و سیاسییەکانی عێراق توێکاریی بکات. لەیەک رستەدا، دەکرێ بڵێیی ئەم کتێبە پاسۆڵەجی ( Pathology) عێراقی کردووە. لەسەرەتای کتێبەکەدا، تراژیدیاکانی کورد دەهێنرێتەوە یاد، کە چۆن دەوڵەتی بریتانیا چەکی کیمیاویی قەدەغەکراوی، بەشێوەی سادەو بەرایی، لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا، لەدژی کورد بەکاربردووە. ئەو توونددوتیژییەی بووبوو بە بەشێکی نەپساوەی کولتووری هەموو عێراقییەکان، لە وینستن چێچڵەوە ( Winston Churchill ) وەک میراتێکی رەش،

بۆ سەدام حوسێن و رژێمی پانعەرەبیزم و بەعس گوێزرایەوە. ئەو چێچڵەی کە باسی چەکە کیمیاوییەکەی بە" Excellent Moral Effect – کاریگەریی مۆراڵیی نایاب " لەسەر هۆزو خێڵە یاخیبووە کوردەکان دەکات.

دواتر کتێبەکە بە ناو گۆڵمەزی کودەتاکان و ملشکاندنی یەکتریی لەلایەن ئەفسەرە عەنتەرەکانی دەوڵەتی عێراقییدا دەڕوات و ئەنفال وەک لوتکەی تراژیدیاو سڕینەوەی نەتەوەیەک توێکاریی دەکات و کورد لە دوابەشی باسەکەدا بە کلیلی چارەسەری عێراقی دێمۆکراسیی و پلورالیزم دەزانێ و لەشەقوپەقکردن و دابەشبوونیشدا بەهەوێنی ئارامیی و راستکردنەوەی گەورەترین ستەمی مێژوویی دەستنیشان دەکات. نووسەران لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستاندان، تا ئەندازەی دەوڵەتی سەربەخۆش کۆمەکی ئەو ئارگیومێنتانە دەکەن.

سەرەڕای شیکردنەوە سیاسییەکانیان لەسەر لاشەی نەخۆشی ٨٣ ساڵەو ئایدێنتیتی وڵاتی عێراق، کە پێیانوایە، عێراق هەر لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە شەڕی نەتەوەو مەزهەبەکانی تێدا بەرپابووەو ناوبەناو گەشبووەتەوەو ناوبەناویش دامرکاوەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە زۆر بە ویژدانەوە، زۆر زانستییانە، باسی خزمەتگوزارییەکانی سەردەمی بەعس و بژێوی ژیانی عێراقییەکان و سیستەمی تەندروستیی و کشتوکاڵیی سەردەمی زێڕینی بەعس بەتایبەت لەسەرەتای بەعسدا، ناشارنەوەو بەجوانیی باسی دەکەن.

ئەم کتێبە بۆ کوردو دۆزە سیاییەکەی گوڵاوەو کراوە بەسەر خوێناوەکانی مێژووی عێراقدا، دنیایەک داهێنانی سیاسیی و تیۆریی و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەم کتێبەوە سەرچاوەی گرتووە، بە درێژایی دوو ساڵ و نیوە بووەتە خۆراکی گەورەترین بڵاوکراوەکانی وەک واشینگتۆنپۆست و نیۆرکتایمز و ئیکۆنۆمیست ....تاد .بەداخەوە ئەگەر رووناکبیر و بیرمەند و ئەکادیمستە ئینگلیزییزان و وەرگێڕەکانی کورد تا ئێستا نەپەرژاونەتە سەر ئەم کتێبە، ئەی باشە دەسەڵاتی گەندەڵی سیاسیی کوردستان بۆ؟ لەکاتێکدا سەدان ملیۆن دۆلار بێسەروشوێن دەکات و دەیانی تر دەکات بەقورگی دیوەخانانەو عەشیرەت زیندووکردنەوەو دابەستینی ئەنفالچییەکان و راگرتنی سوپایەک نووسەری مشەخۆر و بێکەڵک و بێبەرهەم، قوتکردنەوەی دەیان دەزگای بەنێو کولتووریی و رۆشنبیریی، نەدەبوو ئاوڕێک لە گرنگیی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بداتەوە، ئەی ئەم هەموو راوێژکارە تەوەزەل و بێئاگایانەیان بۆچیی راگرتووە؟.

لەڕێگەی ئەم نووسینەوە، دەمەوێ ئەوە رابگەیەنم، لەبەر گرنگیی و بایەخداریی ئەم کتێبە، بڕیارمدا لای خۆمە لەدەقە ئینگلیزییەکەیەوە بۆ زمانی ستانداردی کوردیی ( کرمانجی خواروو) وەریبگێڕم. ئەگەر هەر کەس و دەزگاو نێوەندێک پێشتر پێی هەستاوەو ماندووبوونی پێوە دیوە، جێگەی پێزانین دەبوو، لەئاگادارکردنەوەم و دەستخۆشییان لێدەکەم، ئەوەندەی من بزانم و لەڕێی چەندین نووسەر و ئەکادیمستی کوردەوە لە تاراوگەو کوردستان و زانکۆکانی کوردستانەوە، پرسیارم کردووە ئایا بەکوردیی هەیە؟ وەڵام ئەوەبووە نە تا ئێستا کراوە بەکوردیی و نەکەسیش لەکەڵکەڵەی ئەوەدایە بۆ کوردیی وەریبگێڕێت. هاوکات داواش لەهەر بەڕێزێک دەکەم ئەگەر بەنووسین توانای تەواویی بەسەر هەردوو زمانی ئینگلیزیی و کوردییدا دەشکێ و لەخۆی رادەبینێ، جێگەی پێزانین دەبوو ئەگەر هاوکاریم بکات و بە هاوبەشیی وەریبگێڕین. ئەگەر نیوەی ، یان سێیەکی لە ئەستۆ بگرتایە، بۆئەوەی بەزووترین کات وەرگێڕانەکە، تەواو بکرێت.